بخۆ، وبخۆرەوە، وبپۆشە، وخێر ئەنجامبدە بە بێ زیادەڕەوی وبە بێ شانازی کردن

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بخۆ، وبخۆرەوە، وبپۆشە، وخێر ئەنجامبدە بە بێ زیادەڕەوی (بێ ئیسراف کردن) وبە بێ شانازی کردن».
[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - بوخاری گێڕاویەتیەوە بە سیغەی جەزم - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر حەرامبوونی ئیسراف کردن (زیادەڕەوی کردن) لە خواردن وخواردنەوە وپۆشاک، وفەرمانکردن بە خێرکردن بە بێ ڕیایی وحەزکردن بە ناوبانگ دەکردن، وهەقیقەتی ئیسراف کردن بریتیە لە تێپەڕاندنی سنوور لە هەموو وتە وکردەوە وخەرجکردنێکدا. بە هەمان شێوەی ئەم فەرموودەیە ئایەتی زۆڕیش هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا، خوای گەورە دەفەرموێت: {كُلُوا وَٱشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوٓا إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ} [الأعراف: 31] واتە: {بخۆن وبخۆنەوە (لەوەی کە خودا بۆتانی حەڵاڵی کردووە) و زیادەڕەوی -ئیسراف- مەکەن بێگومان خودا زیادەڕۆیانی خۆش ناوێت}، ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ حەرامبوونی شانازی کردن وخۆبەگەورەزانین دەکات. ئەم فەرموودەیە ڕێنمونی تێدایە بۆ مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی بە شێوەیەکی زۆر جوان، وهەروەها سوود وچاکەی بۆ لاشە ونەفس تێدایە لە دونیا ودواڕۆژدا، ئیسراف کردن لە هەموو شتێکدا زیان بە لاشە وژیانی تاک دەگەیەنێت، وهۆکارە بۆ بەهەدەردانی خۆراک وسامانەکان، وهەروەها ئیسراف کردن دەبێتە هۆی شانازی کردن ئەمیش زیان بە نەفسی مرۆڤ دەگەیەنێت ودەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرسام بێت بە نەفسی خۆی وخەڵکی بە کەم بزانێت وئەمیش پلەی لە لای خوای گەورە دادەبەزێنێت وهەروەها خراپەی بۆ دەنووسرێت لە قیامەتدا ولە دونیاشدا خەڵکی ڕقیان لێی دەبێتەوە، ئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (هەرشتێک دەخۆیت بیخۆ؛ وهەرشتێک دەخۆیتەوە بیخۆرەوە، دووشت تووشی گوناهت دەکات: ئیسراف کردن وشانازی کردن) [رواه البخاري].

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5363